# من مانم لەبیرکردنەوەی کوردی گرتووە

## بەیانی ژمارە (٢):



### مامۆستا جەعفەر

من لە درزی پەنجەرەکەوە بۆ لووتکەی شاخە گەردن کەشەکان دەڕوانم، ژوورێکی لاکێشەی دێوانەی کێوی. هەناری سوور، سەرەوخوار بەکاریتەکەوە هەڵواسراون، دیوارە مەستەکان، لەبەڵێنو چیرۆکی سیاسی ڕاستو درۆ بێزارن، بێزارن! زۆر بێزارن! درەختەکانی لاپاڵەکە، هەڕەشەی خۆپیشاندان لەتەورو بیورو پواز دەکەن، ئەم کچە چەقۆیەکی بەدەستەوەیەو لەپشتەوە لێم نزیکدەبێتەوە، سێبەرەکەی بە چەقۆیەکەوە، بە دیوارەوە دەبینم سێوێک قاش دەکاتو لەتێکم دەداتێ.

وەرز، وەرزی بیرنەکردنەوەو قاقای پێکەنینی گێلانەی نیوەشەوە، ڕیزێک مۆنیکای جامڕەش، بە بەردەم سمێڵتدا تێدەپەڕن، قوڕو وردە زیخی بن پەتەڕناشی تایەرەکانیان، بەسەر چڕو چاوتاندا دەبارێنن! لێپرسراوە زلە، بچکۆلە، لووت فشە، چەناگە چاڵەکان لەپشت جامتاریکەکاندا پێدەکەنن، ئەمە هەڵەیەکی ڕێزمانییە: هەڵەبڕەکان هێڵی سەوزو سوور، بەبن ئەم ڕستەیەدا دەکێشنو ڕەنگە بنووسن: لەپشت هەمەرە جامتاریکەکاندا، لێپرسراوە، بچوکە زلە، چەناگەچاڵە، لووت فشەکان، پێدەکەنن، ئۆتۆمبێلی خەڕەکە شکاوی نووسەرو شاعیرە لەشیعر چووەکان، بەسەر شەقامی قوڕاوی گراماتیکدا پەتەڕناش دەکەن، کەس گوێ بە

تەکنیکی دەربڕینو داڕشتن نادات، لەیەکەوە بۆ چوار، گێڕ دەگۆڕنو پێ لەبەنزین، دادەگرن.

من لەدرزی پەنجەرەکەوە دەڕوانم، شاخەکان بوونە گردو هەردو تەپۆڵکە. ئەم کیژە، چەقۆیەکی بە دەستەوە گرتووە، ئەم بەیانییە نایەوێت ڕۆژنامە چڵکنە، ڕشکەکانی توونی باباو ئاوی ئاموون بخوێنێتەوە، مەمکی چەپی، لەبن ژێر کراسەکەیەوە، وەکو هەناری مزر دەرپەڕیوەو دەیەوێت هەموو هەردو گردەکانی لەسەر تاپۆبکرێت، هەناری بن کاریتەکە، بەگوڵەوە سەرەوخوار هەڵواسراون، هەناری مزری گوڵ بەدەم، پڕ دەمم لەئاو دەکات.

- تۆ ئەم گردەم لەسەر تاپۆ دەکەیت؟

- ئەی تۆ ئەم گردەم لەسەر تاپۆ دەکەیت؟

- گرد بە گرد؟

- نەخێر! دووگرد بەگردێک!

من بڕیارمداوە، وەکو بورکان بڕیارمداوە، بەخشکەیی بڕیار نەدەم، ئیتر لەخەوندا بیرنەکەمەوە! بیرکردنەوەو بیرنەکردنەوە وەکو یەکن، تۆ هەر لەبەیانییەوە تا نیوەشەو، بیر لەوە بکەرەوە (١ + ١ =٢) پاش بیستو چوار سەعات بیرکردنەوەو بیرنەکردنەوە هەر (١ + ١= ٢)و هیچ گۆڕانێک ڕوونادات.

من مانم لەبیرکردنەوە گرتووە، یان بیرکردنەوە مانی لەمێشکی من گرتووە؟ هەردووکیان دوو دیوی یەک میدالیان، من مانم گرتووە، ئەستێرەکان نایانەوێت بجریوێنن، ئەم جووتە هەنارە، خەریکە لەژێرکراسەکەوە دەردەپەڕن، پڕ ژوورەکە بۆنی مەی ومێ، لیمۆی زەردو مێیەتییە، بۆنی حێڵو مێخەکو سمڵو مەشکەیان لێوە نایەت، بۆنی ئەنیس ئەنیسو جیورجیاو گووڤانشیو بەربەریو شانێلی لێوە دێت! ڕیش تاشینی بەیانیان، لەحەمامێکی تاریکی بێپەنجەرەدا، لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی حزبێکی دۆڕاوی سەردەمی هۆلاکۆ دەچێت، ئەم سیاسییە ئەوەندە بەرز دەفڕێت، دەترسم وەکو قەلەباچکە بەربێتەوە، سیاسەتی کوردیو چوونە سەرمانگ، لەفێربوونی پاسکیل ئاسانترە، بەمەرجێک هەورازێکی ڕژدو سەخت، لەپێشەوە پەلامارت نەدات!

بۆ من بیر لەو قەلانە بکەمەوە، کە ئارەزووی فڕینو بیرکردنەوەی ماتماتیکیان نییە، من بیر لەبیرنەکردنەوەی ئەوانیش دەکەمەوە، دەریاکان، مان لەکەنارە تۆراوە ئارامەکان دەگرن، کەنارە تۆراوەکان مان لەدەریا ئارامەکان دەگرن!

مەلە دەستەمۆکان، نایانەوێت بۆ هێلانە شێواوەکانیان بگەڕێنەوە، بیرکردنەوە بۆ بیرنەکردنەوە سوودی چییە؟ کووپەڵەی ترشیاتی سەردەمی گلۆبالیزم، سیاسەتی کوردی سەردەمی ئاشووریانیپاڵو سەردەمی گلۆبالیزم، هەر زۆر لەیەک دەچن، ئایا ڕاستە بیرنەکردنەوە بەهەشتێکی پانو بەرینو بێ دڕکو داڵە؟ هەنارەکان لەبن ژێرکراسەکانەوە هێرش دەهێنن، گوڵی ئۆرشیدیای دۆڵو گەلییە گەرمەکان، سەرنجو بینین دەوروژێنن! تەلاری بلورینی خەونەکانت، بەدەنکە هەنارێکی مزر، درز دەباتو لیکی لێدەڕژێتە خوارێ، بۆنی مێینە زۆر لەبۆنی نێرینە جیاوازترە!

ئێمە پێش لەدایکبوونمانەوە، بڕیاری یەکجاری چارەنووسسازی بیرنەکردنەوەمان داوە، بیرنەکردنەوە، ڕێگە سەختو تووڕەکانی سەرکەوتن، ئاساندەکاتەوە، دەستی خەونە تووتڕکاویەکانت، لەستۆی ئەو دارگوێزە پیرانە مەئاڵێنە، گرێی ڕەگەکان، لوولی سۆزە هەڵکرووزاوەکان دەدەن، تووتڕک لێوی ئاڵو پەنجەی شمشاڵی هەیە، تووڕە بوونە تووتڕکاوییەکانت، نیشانەی بیرنەکردنەوەن، هەڵچوونو تووڕەبوون: تۆڵەو ڕقهەستان نیشانەی لەدەستدانی لۆجیکو هزرە، من لەمەودوا پێشبینی ناکەم، کە بتوانم پێشبینی هیچ شتێک بکەم، بۆ بیر لەوە دەکەیتەوە، کە نابێ بیر لەهەنارە مزرە هەڵواسراوەکان بکەیتەوە، ئەو کیژە

باڵا عەرعەرە، سەری لەهەنارە دەمداپچڕاوەکان سووڕماوە! دەمیان داپچڕاندووەو یەک دەنکە هەناری مزریش بەرنابێتەوە.

تۆ تەنیا بیر لەمیکانیزمی بیرنەکردنەوەی بۆقە بێباڵەکان دەکەیتەوە؟ تۆ هەروەکو مەدۆناو جەنیفە لۆپز وبیۆنزەو نانسی عەزیزی، بیر لەپێتاندنو قڵیشانەوەی ئەتۆم دەکەیتەوە! بوون! بوون! بوونو نەبوون، بە جەنجاڵی بیرکردنەوەو بیرنەکردنەوەوە گرێدراون، بوونو نەبوون، لای مێشوولەی بن کلکی ئەسپی تەکەتولاتو ئەستێرە کوژاوەکان وەکو یەکن.

تۆ وەکو چۆپیو هانیو دەشنیَ، بیر لەبوونی پێش بوونی خۆت دەکەیتەوە، سنووری بیرکردنەوەی، مێروولەیەک، لەسنووری بیرکردنەوەی زانایەکی سیاسی فراوانترە، پڵنگی بیرنەکردنەوە دەتوانیَ گرەو لەکێچی بیرکردنەوە بەرێتەوە، چەند بیری لێدەکەیتەوە، ناگەیتە کەناری نا ئارامی دوورگەی وێڵی ئەنجام! ئەنجام، ڕۆژانە بن سمکۆڵانی بێئەنجامی فیزیک دەکەوێت، ئەوە یەکێکە لە سمبۆلە خۆشەویستەکانی جیهانی بیرنەکردنەوە، بیرناکاتەوە، نەبیردەکاتەوەو نەقووڵ دەبێتەوە لەڕەوتی قالۆنچە بەردینەکانی دەریای سیاسەت و کەروێشک بەعەرەبانە دەگرێت و لەبەردەم دەرگای داخراوی کۆشکی بلوورینی دەسەڵاتی ئەودا گەزۆ دەبارێت، سەگە خوێرییەکان، میز بە پەیکەرە زێڕینەکانی بیرو سەروەریدا دەکەن و بە ڕۆمانی (هاری پۆتەر) دا دەوەڕن! ئەویش پێدەکەنێت!

ئەوە تارمایی مێردەزمەی بیرنەکردنەوە نییە، بەسەر شەقامە چۆڵ و هۆڵەکانی تاراوگەدا، وەکو گورگێکی ئاوارە پڕ بەگەرووی سووتاوی شەو، دەلورێنێت؟ من پیاسە ناکەم! لەنێوان دوو کێڵگەی میندا بەچاونووقاوی هات و چۆ دەکەم، قەت بیریشی لێناکەمەوە! لەنێوان (أ) و (ب) سەر لەنویَ بەراورد دەکەم، لەنێوان دوو گرددا بیرکردنەوە قەدەغەیە، مەمک و هەنار و قۆپچە داپچڕاوەکان وەکو سەگێکی ڕستنەکراو، تاقگەی لیک لەلالەغاویەوە چۆڕاوگەی بەستووە. بڕوانە: دەم و چاوە بەردینەکانی جیهانی سیاسەتی پێش مێژوو، ختۆکەی حەموڕابی و نیاندرتاڵ دەدەن، بەهەڵەوگێڕاوی ڕۆژنامە زەردەکان دەخوێننەوە، دامە لەگەڵ کوێردا دەکەن.

دەیدۆڕێنن! دەیدۆڕێنن و حەیاشمان دەبەن، نابینا، لەبینا دەباتەوە، شەلێکی نابینا، لەپێشبڕکێی ماراتۆندا، پێش هەموویان دەداتەوە، دەم و چاوە بەردینەکان، بیرناکەنەوە، پێش بینی هیچ پێشبینییەک ناکەن، ئەم کەرە، تووشی ئەنفلەوەنزای بەراز بووە، ئەم بەرازەش تووشی ئەنفلەوەنزای کەر بووە، ئەم بەرازە کەرە، کەرێکی بەرازە.

بڕیاری یەکجاریم داوە، ئەمە بڕیارێکەو قەت لەم بڕیارە پەشیمان نابمەوە، شاعیرە گەورەکانی ئەفغانستان و بەنگلادش لەنیوەی دیوانو شیعرەکانیان پەشیماندەبنەوە، شاعیرەکانی فەرەنسا یەک دێڕ شیعر نانووسن، بەردەکانی سەر دڵی مێژووی خوێناوی، بەفرمێسکەوە، دەکەنە شیعری بێناو، بەهەڵەوگێڕاوی دیوانی شاعیرە گومناوەکانی مۆریتانیا بخوێنەوە، بڕیارمداوە، ئیدی هیچ بڕیارێک نەدەم، بەبەردەم ماڵی شاو ئیمپراتۆرو مەلیکو وەزیرە نووستووەکاندا پیاسە نەکەم، قەت نامەوێت کیژە چکۆلانەکەی لەدرزی پەنجەرە جامتاریکەکانەوە، تێر تێر تێم بڕوانن! تکایە تێم مەڕوانن! نەچیا عیسابیم، نەجۆن تراڤۆڵتا!! تکایە تەنیا لەکونی کلیلی دەرگا ژەنگاوییە ژەهراوییەکانەوە، تێم بڕوانن. نەسەرم داهێناوەو نەپێڵاوەکەم بۆیاخکردووە. نەدەمەوێت قۆپچەی کراسەکەت بکەیتەوە، دەترسم دەنکی هەنارە دەمداپچڕاوەکان، بەسەر لێومدا داوەرێن، با شۆڕش جوانڕۆیی نامەی جفرەکراو، بەنهێنیو بە پۆستی نا ئەلیکترۆنی، ڕەوانەی خوشکەکەی مۆنیکا لوینسکی نەکات، با باراک ئۆباما لەهەڵبژاردنی داهاتوودا نەدۆڕێتو نەنکی لەپەرلەمانی کوردستان زیز نەبێت، ئەو وێنەکەی کچی کافرۆشی لەژوورسەری خۆی هەڵواسیووەو لای شێخ لوقمان

جادووی بۆ کوڕەزاکەی کردووە، هەڵبژاردنی داهاتووش بەرێتەوە.

ئەم کیژە لەپەنجەرەکەوە، دەڕوانێتە گردەکانو دەیەوێت، بەچاوترووکانێک لەسەری تاپۆ بکرێن. یەک گرد بە چاوتروکاندنێک! چەقۆیەکی زۆر تیژی بەدەستیەوە گرتووەو لەژێر لێوەوە بۆم پێدەکەنێت. سێوێکیترم بۆ قاش دەکاتو منیش سەیری دەمولێوی دەکەم، دەنکە هەنارە داوەریوەکان لەبەر تیشکی هەتاو دەبریسکێنەوە، دەمولێوی لەدەنکە هەناری مزرو یاقووت دەچێت.

جۆن تراڤۆڵتای میرەدێ نایەوێت سێرێزکان لەگەڵ جۆن تراڤۆڵتای گەڕە دیدا بکات! ئێمە تاکە وڵاتی سەر ڕووی ئەم زەمینەین، کە پۆستمان نییەو ڕۆژی هەزاران نامە بۆ خۆمان دەنووسینو خۆشمان سەرەوخوار نایان خوێنینەوە، پەنجەکانم لێم بەبیانوون، نایانەوێت ئیمزای بڕیاری ئیعدامی ویژدانی خۆمو پەپوولە هەڵکڕوزاوەکان بکەن، قەیتانی تاکێکی پێڵاوەکەم کراوەتەوە، شووشەی چاویلکەکەم شکاوە، پارەی تەکسیم پێنییە! ئەو کیژە، ڕقی لەژێرکراسە، ژێرکراسەکەی لەژێرکراسەکەی برتنی سپیرز دەچێت، بزەیەکی نەرمم بۆ دەکات. تاڤگەی لیک، لەدەمەوە بۆ سەر هەنارە داڵیشاوەکان دادەبارێت، بۆ نووسراوە، نەنووسراوەکەی مەکتەبی سیاسی لەچیرۆکە نەنووسراوەکەی من تووڕەیە؟ ئەی بۆ ئەوان نازانن من ئەو هەڵۆ سرکەم، کە لەناوەڕاستی ئاسمان لەنگەرم گرتووەو بەکەس کەوی ناکرێم؟ من ئەم ئێوارەیە لەداخی کۆنگرەی فراوانی کادرەکانی (مەزاری شەریف) دەست لە ئەندامێتی کۆمیتەی ڕێکخستنی قەندەهار دەکێشمەوە، دەست لەهین دەکێشمەوە با ئەنجومەنی جەرگای نوێ، شەپۆلی نارەزایی بگەێنێتە ئەستێرە نەدۆزراوەکانی پۆست میتافیزیک! بۆ هونەرمەندەکانی ئێمە هەڵەبجەیان نەکردە جیرنیکاو بابلۆ پیکاسۆ زیندوو نەکرایەوە؟ ئەنجومەنی وەزیرانی پۆست مۆدێرن، لەبەر خاتری کەرکەدەنەکانی جیهانی سیاسەتو پۆست میتافیزیک یاسای خەتەنەی کیژان قەدەغە ناکات، پەرلەمان، پاش بوومەلەرزە، بڕیاری نەرگیلەکێشانی ناو ئەنجومەنی وەزیران دەرناکاتو ڕێگە دەدات لەناو ڕیستورانو چایخانەو کەبابخانەکاندا، هاووڵاتیان بەرۆژی نیوەڕۆ قانگ بدرێن، ئەنجومەنی وەزیران پێیباشە: ئێمە ئەگەر نەماینو کۆچی دواییمان کرد، بە یەکجاری تیابچینو گیانمان دەرچێتو بمرینو هەر نەمێنین.

منیش هەر وەکو مام ئەحمەد وانەکو ئەحمەد ساروخ بیردەکەمەوە! هەرسێکمان، لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، ئەو کاتەی چوار برنەو بەشاخەوە نەبوو، چامان نەدەخواردەوەو هەرسێکمان لایەنگری نەرگیلەکێشانی ناو پەرلەمانو لای ئاگردان بووین، تۆ پێتوایە پشیلەی ناو گوێنیەدا خراوەکان ڕەشو سپینو من گۆچانێکی بەلالووکم بەدەستەوەیە؟ تاکەی بیری لێبکەمەوە، هەردوو تایەری پاسکیلە شکاوەکەم، بەئاسمانەوە دەسووڕێنەوەو چووپەکەشیان، کە هەزار پەنچەری پێوەیە، فش بۆتەوە، هەموو ڕۆژێ بەم پاسکیلە شڕەوە، من بەفرکان فرکان بۆ هیراتو قەندەهار دەچم. دەزگیرانەکەم، کە دەمی لە نوقڵی ترشو شیرین بچوکترە، بڕیاری داوە، مۆزبخواتو بێباکانە توێکڵەکەی هەڵبداتە سەر شووشەی مۆنیکا جامڕەشەکان، مونیکا لوینسکی، کە یەکێکە لەژنە مەزنەکانی مێژووی ئەمریکای نوێ، حەزی لەپرادۆیەو لەچۆلەکەکانی کۆشکی سپی زۆر تووڕەیە، کامێرای شاراوە وەکو مێروولە لە پەناگوێی پینتاگونی داوە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە، ئیدی هیچ بڕیارێکی دوو سەرە نەداتو لەپەرداخی بێ قوڵف ئاوی سارد بخواتەوە! بەم بڕیارەی ئەوان، من تووشی دڵ هڵنجانەوەو دڵەکزێو دڵە ڕاوکێ دەکەن! تکایە کەس میل نەهێنێتەوە، هەنگاوێک بەرەو دواوە. لەدواوە سەیری پێشەوەی خۆتان مەکەن، باهەمووی بەجارێ نەبینن، سەردەمی شۆڕشی تێلەکۆمۆنیکاسیۆنی دووەمە، نەک میل هێنانەوەو بەنەخوێن کردنەوە. شاخ. کش مات. من دەترسم، هەر زۆر لەتەقینەوەی ئەتۆمی دەترسم، دەترسم هەنارە داڵیشاوەکان داوەرێن، لێوە سوورەکانو پەنجە شمشاڵیەکانت بە ئاسمانی تابلۆکانی سلڤادۆر دالییەوە ببینم.

پیش مەخۆرەوە: من ئەمشەو دەپلیشێمەوە، دووبەرداش ئەملاو ئەولایان گرتووم، ئەمشەو لەخەوما بەرداشەکان، دەسووڕانەوە، لەیەک نزیکدەبوونەوە! ئەمشەو لەخەوما، لەناو باخچەکەی کۆنگرەیسو دۆڵی جافەتیو دەشتی گەرمیاندا، ڕاوە کەروێشک قەدەغەکراوەو سەرۆک ئۆباما تۆڕی دژە ڕاوی لەسەر سەتالایتەکان داناوە، کەروێشکو کەڵە ئاسکەکان، دەمو چاویان لەدەموچاوی ئەندامانی پەرلەمان دەچێت! کاروانی ڕۆسراپیسو مۆنیکای جامڕەش، بەڕێبەرایەتی مۆنیکا چاوڕەش، لەبەردەم دەرگای سەرەکی کۆنگرەیسدا دژی ڕاو قەدەغەکردن، خۆپیشاندان دەکەن! کچێ نەکەی بۆ خاتری خوا! ئەم مەمکە جوانو تورتانەت ڕادەستی گەلە گورگو جەنگاوەرانی کۆنی تەکەتۆلاتو باڵباڵێنو خەپخەپانۆکی بکەی، تۆ لەتەکنیکی شەڕە سەگو ڤایرۆسی خۆ دلیتکردنەوەو سەرهەڵدانەوە، باش سەردەرناکەیت، تۆ لەپێشو پاشی دەعبای تەکەتولاتو تاعوونی دەستەگەری سەردەرناکەیت، پێتوایە بە چاخواردنەوەیەک لەبن ساباتی دەستەگەریدا، هەریەکسەر، تاجی بریکاری وەزیرت لەسەر دەنێن؟

دڵی من لەدۆزەخی خۆ سوتاندنی کیژان زۆر تۆراوە! ڕۆژانە هەست بە شەرمەزاریو مردنی بێکۆتایی خۆم دەکەم، جەنابی سەرۆک وەزیران! ئەندامانی پەرلەمانو سەرۆکە مەزنەکان! قەڵەمەکەی خۆمتان بە دیاری بۆ دەنێرم، گەر پەکتان لەسەر قەڵەمو قاقەز کەوتووە، بانگەوازێک دژی ڕشتنی خوێنی ژنان ئیمزا بکەنو من لەم شەرمەزارییە بێسنووورە ڕزگار بکەن. ئێوە سەیری گۆشەی ڕۆژنامە چاونووقاوەکان ناکەن؟ گوێتان لەناڵەو چریکەی خوشکەکانتان نییە؟

ئێمە ئەوەندە ژینگە پارێزو جوانی پەرستین، لەهەر کوێ بۆمان بلوێت تەکەتولاتی دەکەینو خۆڵو خاشاک هەڵدەڕێژین! میز بە پەیکەری ئازادیدا دەکەینو کۆکاکۆلا هەڵدەدەینەوە، ڕاوچی و پرۆفیسۆرەکانی قانوون، پۆل پۆل، بەناو سوپەرماکێتە بەتاڵەکاندا، چنگ لەسەرشان، بەدوای وێنەی مامزو بزنە کێویدا دەگەڕێن، چونکە یەک ئاژەڵی کێویشیان نەهێشتۆتەوەو لەباوەشی ژنەکانیشیاندا میلیان هێناوەتەوەو دەستیان لەسەر پەلە پیتکەو بەنەخوێنە، نەوەک لەخەونێکی زستاندا، ڕەوە ئاسکێکیان بەپیرەوە بێت. خوێنی تەکەتولاتو دیناسۆرو کیسەڵی گەلەبەگۆس لێرە ڕژا.

سەردەمی دیناسۆرو نیاندرتال کۆتاییی پێنەهاتووە، ئەوە کیژە جوانەکانی پۆست مۆدێرنە، لەبەردەم ژیلەمۆی ویژدانە هەڵکرووزاوەکانی نابەختەوەریدا، خۆیان دەکەنە دەسکەگوڵی دیاری خوای ئاگرو دۆزەخ، دەبنە خەڵووز، نووکی ئەم چەقۆ تیژە، دڵۆپ دڵۆپ، خوێنی ئاڵی لێدەتکێت، ئەم کیژە، لەپەنجەرەکەوە بۆ ئاسمانی تووڕەو دووکەڵاوی بێزار، دەڕوانێتو مستی چەقۆ خوێناوییەکەی تووند توونت بەدەستەوە گرتووە:

ـ ئەمە بەڵگەی گیانی خۆکوژی ئێوەیە: ئێوە ژینگە وێران دەکەن، دارستانەکان کێوییەکان دەسووتێننو ئاژەڵە کێوییەکان، ئەنفال دەکەن! سیاسەتی زبڵی ئێوە، زبڵێکی سیاسی بێوێنەیە! ناو کۆڵانو بەردەرگاو سەیرانگەکانتان، لافاوی خۆڵو خاشاکەو ماوەیەکیتر دەخنکێنو شێرپەنجەی سی، نیوەی ئەم شارە، ڕەوانەی بیابانی ئەنفالی خۆکردی خۆکردی دەکات!

قەت سەرکەوتن بە چاوی خۆتان نابینن، چونکە چاوتان ڕیشکەوپیشکە دەکاتو زۆر جوانیش بیردەکەنەوە! بیرمەکەنەوە! بیرەکان و شکیان کردو بیابان شالاوتان بۆ دەهێنێت.

ئێمە لەسەردەمی هەڵبژاردندا، سەر لەتەکنیکی هەڵبژاردن دەرناکەین، لەبری دەرمان، ژەهر هەڵدەبژێرین! ئێمە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕۆژی دەنگدانو ڕۆژی تەرزەو باران ناکەین! ئەی خوێندکارە ڕووناکبیرەکان، ئایا ئێوە دەنگ بەهۆلاکۆ دەدەن، یان بە غاندی؟ ئێوە لەسمینارەکانی زانکۆ دانیشتوون، بەئەقڵی پاچو خاکەنازو ئاودێریو سنووره پیرۆزەکانی عەشیرەت بیردەکەنەوە؟ دەنگ بەکیژێکی جوانو

خانو مان دەدەن؟ پەرلەمان، شانۆی تیرو کەوانو ڕۆستەمی زاڵو دەرزی هەڵگرتنو گوزرو گۆپاڵە، یان چارەسەرکردنی کێشەو سەرئێشەو ماڵئاوایی لەقانوونە داڕێژراوو پەسەند کراوەکان؟ لەیلا فەریقی لەسەر کورسی پەرلەمان بێت جوانترە، یان تەیموور لەنگ؟ من دەزانم (لەیلا) لەهیچ فەریقێکدا نییە ! هەواڵە دیموکراسیو جوانەکانی پایتەخت: پەرلەمانتارێک ویستی پەرلەمان بتەقێنێتەوە، دە پەرلەمنتاریتر خۆیان قاچاخ کردووە، ژەنراڵ پەروێز موشەڕەف، پاش دەست لەکار کێشانەوەی لەسەرۆکایەتی کۆماری پاکستان، بەلایەوە ئاسایی بوو، ببێتە سترانبێژو لەشاری لەندەن کۆنسێرتێکی گەورە بکات، تۆنی بلێر دەبێتەوە بەئەکتەرو بۆ جیهانی هونەر دەگەڕێتەوە، خوای مەزن بەو ڕۆژە نەکات، سیاسەتمەدارەکانمان دەست لەکار بکێشێتەوە! چەند شادو بەختەوەرم: کولتووری کڵاو قاسمو کەپکی حەمەد ئاغا، ڕەوانەی گۆشە تاریکو نووتەکەکانی ڕابوردووکران، منداڵە ساواکانم لەدەنگی هاوەنو سۆخۆیو تۆرنادۆو نەڕە نەڕی شاعیرە لاتەکانی شەڕی براکوژی، زۆر دەترسن! منداڵە ساواکان حەزیان لەنەڕە نەڕو هاوار هاوارو بۆرە بۆڕی شاعیرو بێژەرە دەنگ گڕەکان نییە. فووی پیامەکەن. بەنزین بەئاگردا مەکەن، با لەمەزیاتر گڵپە نەگرێت. نەفرەت لەخۆتانو لەڕابوردووتان، لەقەڵەمەکانی خۆتان دەترسنو ناوێرن ماچە پەپوولەیەک ئاڕاستەی لێوی بزاڤی ئاشتی بکەن! نەفرەت لەو دەهۆڵانەی تینویەتی شەڕخوازەکان دەشکێنن! منداڵە ساواکان، بە سیمفۆنیای باخو مۆتسارتو چایکۆفسکیو دەنگی کۆسارو بەیان عەزیزیو بەهار ڕەزایی خەنی دەبنو بزە دەگەڕێتەوە بۆ سەر لێوە تۆراوەکانیان.

ئەی چۆلەکە بینراوو نەبینراوەکانی پشت سوکانی دەسەڵات، تکایە! تکایە! تەنیا بەدەموچاوی خۆتاندا مەمیزێنن، تۆزێک بەدەموچاوی ئێمەشدا بمیزێنن: شووشەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکان، بە تەواوی قوڕاوی بوون، ئێمە هیچ نابینین، ماسیحەکان شکاونو ئاو هەڵنادەنو نامیزن! کەس یەک ملم٢ لەڕووبەری بودجە نابینێتو لەژوورە تاریکەکاندا، بڕیاری ترسناک دەدەنو ئەم دەست بەو دەست نازانێت!

دەتانەوێت لەناو پیاڵەیەکی قوڕاویدا، بەرنامەی نوێبوونەوە جێبەجێبکەن؟ با شووشەی ئۆتۆمبێلەکانتان قوڕاوی نەبێت، کاتێک دەنوون پەنجە مەخەنە گوێتانەوە، دەتانەوێ لەخەونیشدا گوێ لەکەس نەگرن، ئێمە بمانەوێتو نەمانەوێت، ژیان خۆی خۆی دەگۆڕێت: کاروانێک فریا دەکەوێتو چەندین کاروان جێدەمێنێت.

من لەدرزی پەنجەرەکەوە بۆ لووتکەی شاخە گەردن کەشەکان دەڕوانم، ژوورێکی لاکێشەی دیوانەی کێوی، هەنار، سەرەوخوار بەکاریتەکەوە هەڵواسراون. دیوارەمەستەکان، لەبەڵێنو چیرۆکی سیاسی ڕاستو درۆ بێزارن. درەختەکانی لاپاڵەکە، هەڕەشەی خۆپیشاندان لەتەورو بیور دەکەن، ئەم کچە چەقۆیەکی بەدەستەوەیەو لەپشتەوە لێم نزیکدەبێتەوە، سێوێک قاش دەکاتو لەتێکم دەداتێ.